## فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

## INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR

# دەست بەسەرکردنی بەشداری عەلی یەك جاری تر دەست تیکەڵاوکردنی حکومەتی هەرێم بۆ دیپۆرتی پەنابەران ئاشکرا دەکات

بەپێ ئەو هەواڵانەی لەکوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوە بەشداری عەلی نۆینەری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەشاری هەولێر ئێوارەی 12-2 کاتژمیر 7 سەرلەئێوارە لەفرۆکەخانەی هەولێر دەست بەسەر دەکرێ و موبالی لێ وەردەگیرێ تا پەرەدەلە رووی راستی یەکان داپۆشن سەبارەت بە وەرگرتنەوەی پەنابەرە کوردە دیپۆرت کراوەکان.

دوای ئەوەی بەیانی 12-2 ژمارەی 38 پەنابەری کورد لە فرۆکەخانەی سەربازی (برایز نورتن) بەکەلەپچە رەوانەی فرۆکەخانەی هەولێر دەکەنەوە، (بەشداری عەلی ) نۆینەری فیدراسیۆن لە هەولێر پەیوەندی تەلەفوونی بە (دکتوری نوری)سەررۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و پەیامی فیدرسیۆنی بێ رادەگەیەنیت دەلێت(کە فرۆکەیەکی سەربازی لە بەریتانیاوە بەرێ کەوتوو بریارە بگاتە فرۆکەخانەی هەولێر ئەگەر بەراستی لەگەڵ ناردنەوەی ئەو پەنابەرە کوردانە نیین ئەوا فرسەت هەیە ئەو پەنابەرانە وەرنەگرنەوە..) لەوەلامدا (دکتوری رای دەگەیەنیت کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەوانەوە نی یەو ئەوە کۆمپیانیای ئەهلی هەیە ئەو کارەیان کردبێ..) لەوەڵامدا بەشداری عەلی پێ رادەگەیەنیت ئەوا من بۆ فرۆکەخانەی هەولێر بەرێ دەکەوم وە کەنالەکانی راگەیاندن و میدیاکانم ئاگادارکردۆتەوە ئێوەش وەرنە ئەوێ ئەگەر نارازین..).

سەرئەنجام دوای بەرێ کەوتنی بەشدار عەلی بۆ فرۆکەخانەی هەولێر دەست بەسەر دەکرێ و موبالی لێ وەردەگیرێت لە کاتژمێر 7 ئێوارە تا 10 شەو تا بە بتوانن راستی یەکان لەپێش چاوی میدیاو دەزگاکانی راگەیانی و خەڵکی کوردستان بشارنەوە.

ئەم کردەویەیی حکومەتی هەریمی کوردستان ئیدانە دەکەین وە جارێکی تر سەلمینەری ئەوەیە کە لەپێناو قازانج و ئیمتیاز وەرگرتندا ، پەنابەرنیان کردۆتە کارتێ بۆ بەرژەوەندی کانیان، ئەم کردەوانە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری اتفاقیەی نیوان حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی بەریتانیا یە بەژیان و چارەنووسی پەنابەران ەوە و سیاسەتێکە خزمەتی بەزۆری گیرانەوەی پەنابەران دەکات.

**سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-2-13



| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
|---|---|---|---|
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saeed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| **Address: PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK** | | | **IFIR Website: www.csdiraq.com** |